The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

# هاوارنامەیەك بۆ سەرجەم دەسەلاتدارانی کورد لە باشووری کوردستان , سەبارەت بە ئەرێکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی عەدنان حەسەن پوور

بە پێی وتەی بەڕێز سالحی نیکبەخت پارێزەری عەدنان حەسەن پوور و هیوا بۆتیمار , بڕیاری لەسێدارەدانی ڕۆژنامەنووس عەدنان بۆتیمار ئەرێکراوە .
لە سێدارەدانی عەدنان لە سێدارەدانی مافی قسەکردن و نووسینی هاولاتیانی کوردە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان
ئەرکی ئێوەیە بەرامبەر بەم بڕیارە کە بە ناڕەوا ڕۆژنامەنووسێکی کورد دەبردرێتە ژێر پەتی قەنارە نارەزایەتی دەربڕن , داوا لە دەسەلاتدارانی ئێرانی بکەن , لەم بڕیارەیان پاشگەز ببنەوە , کەلك لە تەواوی ئەو کەنالانە وەربگرن کە لە بەردەستاندان بۆ پوچەلکردنەوەی ئەم بڕیارە ناڕەوایە .
داکۆکی توندی ئێوە لە پاسدار ئاغای فەرهادی کە جەلادێکی کورد کوژ بوو , بێدەنگیتان لە ئاست ئەم تاوانە کە ڕۆژنامەنووسێك حەلاج ئاسا لە سێدارە دەدرێت , کۆمەلێك پرسیارمان لا درووست دەکات , هیوا دارین بە هەلوێست نواندنتان دژ بەم بڕیارە گومانەکانمان بڕەوێننەوە .
بەڕێزان داواکارین لە ڕێگەی ئەو کەنالە تایبەتییانەی لە بەردەستتاندان , هەولی ڕاگرتنی ئەم بڕیارە ناڕەوایە بدەن , لە زووترین ماوەدا مزگێنی ڕاگرتنی ئەو بڕیارە بە کەس و کاری کاك عەدنانی حەسەن پوور لە لایەن ئێوەوە ڕاگەیەنرێت .

## ناوەندی چاك

12-11-2007
www.chak.be
chak_org@yahoo.com

تێبینی : هەر بەیان و بانگەوازێك ئەم ئادرەسانەی لەسەر نەبێت , ناوەندی چاك بەرپرس نییە لێی .